
وەزارەتی دارایی رونکردنەوەیەک لەبارەی لێبڕینی بڕە پارەیەک لە فەرمانبەران باودەکاتەوە



ئەمڕۆ هەینی، وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان، لەبارەی لێبڕینی بڕە پارەیەک لە مووچەی فەرمانبەران، هەوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، ئاماژەی بۆکرد: 1%ـی مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران لەسەر داواکاری وەزارەتی پلاندانانی عێراق بۆ مەبەستی تەمارکردن و دروستکردنی ژمارەی وێزەی لە لایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە بڕدراوە.

وەزارەتی دارایی ئەم سێ خاڵەی بۆ مووچەخۆران خستووەتەروو:

1- سەبارەت بە لێبڕینەکە بەکەی تەنها لە (1%)ی مووچەی بنەڕەتیی فەرمانبەرانە، لەسەر داواکاری وەزارەتی پلاندانانی عێراق بۆ مەبەستی تەمارکردن و دروستکردنی ژمارەی وێزەی لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە بڕدراوە.

2- ئەو لێبڕینەی (1%)ە بە سەرجەم فەرمانبەرانی عێراق بووە، تەنها فەرمانبەرانی هەمیشەیی و ئەو فەرمانبەرە گرێبەستانەی دیگرتەوە کە مووچەکانیان لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە خەرج دەکرێت،

بۆ هیچ جۆرێک خانەنشینان و سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە.

3- ئەو لێبڕینە تەنها بۆ یەک جار و لەسەر مووچەی مانگی ئایار لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە جێبەجێ کراوە.

وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان دەڵێت، سەرجەم فەرمانبەران دڵنیا دەکەنەوە "ئەو بابەتە هیچ پەیوەندیی بە پێژەی هەژماری منەوە نییە."

هاوکات دوو نووسراوی هاوپێچ کردووە کە بەیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە (24972) لە 18ـی 12ـی 2024 تایبەت بە تەماری بایەمتری و نووسراوی ژمارە (51187)ی 11ـی 12ـی 2024ـی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، تایبەت بە ناردنی ژمارەی وەزیفی و ناونیشانی بایەمتریی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.